

# کەوتن لە ترۆپکا

قانع هۆلان
(سلێمانی)

ئاهەنگی هاوسەرگیری بوو، منیش بۆ ئاهەنگەکە بانگهێشت کرابووم، هەرچەندە هەرگیز حەزم بە دەنگە دەنگ و هاتوهاوار و گۆرانی و ڕیتم و هەڵپەڕین نییە، بەڵام دەبوو بچم، چونکە ئاهەنگ و بۆنەکە هی هاوڕێیەکی نزیکم بوو، بۆیە بەناچاری خۆم گۆڕی و چووم.

بینیم هۆڵەکە وەک شارەهەنگە، میوانەکان تێکەڵ بوون، کەس لە کەس حاڵی نەدەبوو، دەنگی مۆسیقا و گۆرانی هەموو خەڵکەکەی هاوڕێتم کردبوو، وەک کۆمەڵە ماسییەک لەناو دەریادا ئەم سەر و ئەو سەریان دەکرد. منیش وەک گەمژەیەک ئەوەی ئەمناسی سەلامم لێ دەکرد ئەوی نەشم دەناسی بە زەردەخەنەیەک سەیرم دەکرد. پیر و منداڵەکان لەسەر کورسی دانیشتبوون، گەنج و دڵتەڕەکان بە پیاو و ژنەوە، لە ناوەڕاستی هۆڵەکە هەڵدەپەڕین، بەخۆم گوت ئەگەر دەنگی ئەو مۆسیقایە تۆزێک نزم بوایە، لەوەیە دۆخەکە بۆیان لەمە خۆشتر دەبوو.

لە بیری خۆمدا بووم، لەپڕ کەسێک دەستی گرتم و ڕایکێشامە ناو ڕیزی هەڵپەڕکێکەوە، سەیرم کرد برای زاوایە، ویستم شتێک بڵێم، بەڵام هەردوو دەستم لە ڕاست و چەپ گیرا و منیش ناچار دەستم بە شان تەکاندن و قاچ بەزەویدا دان کرد، ئیتر چوومە زیندەخەونەوە وەک کەسێک کە هیپنۆتیزم کرابێ، ئاگا و ئیرادەم نەما، وەک چەرخوفەلەک لەناو هۆڵەکە دەخولامەوە و هەڵدەپەڕیم، پاش ماوەیەک هۆشم هاتەوە، سەیری لای چەپم کرد، برای زاوا دەستی گرتبووم کە سەیری لای ڕاستم کرد، ئافرەتێک دەستی گرتبووم کە هەرگیز نەمدیبوو، باڵای بەرز و پێستی سپی، برۆ کەوانی و

بۆن خۆش، کراسی ڕەشی کوردی پۆشیبوو، بە شێوەیەک هاتە بەرچاوم کە بەخۆم گوت ئەی هاواااارم بەو بەرگە ڕەش و ڕوخسارە سپییەوە دەڵێیت مانگە لە دڵی شەودا. هەستێکی خۆشم بۆ دروست بوو، لەو ساتەدا پێم وابوو هەڵپەرکێ و گۆرانی جوانترین پێناسەی بەهەشتە، حەزم دەکرد تا زیندووم و هێزم تێدایە هەڵپەڕم، بەڵام بەداخەوە لەپڕ گۆرانی نەما و مۆسیقا وەستا و خەڵکەکە دەستیان بەردا، بەڵام من هەر دەستی ئافرەتەکەم لە دەستدا بوو. برای زاواکە ناوی شادومان بو گوتی: دەستی ئەو ژنە بەردە.... کاک هۆلان هەڵپەرکێ تەواو بووە.

دەستم لە دەستی ئافرەتەکە بەردا، هەمووی ئارەق بوو، ئافرەتەکە سەیرێکی کردم و ڕۆشت، هەستم بەوە کرد کە کەسێکی قورسە و ژنێکی سەلارە.

بە نائومێدییەوە گوتم: شادومان گیان.. ئیتر هەڵناپەڕن.

شادومان گوتی: نەخێر ئەزیزم تەواو، بڕۆ پیرۆزبایی لە هەڵۆی برام بکە، چاوەڕێتە، منیش بۆ ئەوەی شادومان هەست بە شتێک نەکات، بۆیە بێ ئەوەی خۆم تێک بدەم چووم بۆ لای هەڵۆی هاوڕێم بە گەرمی پیرۆزباییم لێ کرد.

کە سەرم وەرگێڕا، ئافرەتەکە دیار نەمابوو، زۆرم پێ حەیف بوو، کە بە جوانی سەرنجم نەدابوو، بۆیە زۆر حەزم کرد بیبینمەوە، بەداخەوە مانگ ڕۆشت و لە من ئاوابوو، بەڵام هەستێکی جوانی پێ بەخشیم، ئەو ماوە کەمەی دەرکم بە بوونی کرد بە خۆم گوت: ئاخ ئەگەر ئەو خاتوونە هاوسەرم دەبوو !؟

لەو کاتەدا گوێم لە ویزەویزێک بوو، هەرکە ویستم بزانم چییە، هەنگێ دای بە سنگمەوە، چونکە یەخەی کراسەکەم کرابووەوە ئازاری نەبوو، بەڵام سنگم ئاوسا.

گوتم: بە نەفرەت بی، هەڵۆ ئێرە کەی شوێنی ئاهەنگ و زەماوەندە.

پاش ماوەیەک خەریک بوو هەموو شتێکم لەبیر بچێتەوە، ئاهەنگ و ئەو مێش هەنگەی کە پێوەی دام.

سەرقاڵی کاری خۆم بووم، کە بۆیاغی ماڵانە، خەریکی بۆیاغکردنی دیوارێکی چڵکن و پیس بووم، کە ڕەنگی سپی بکەم. زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا، سەیرم کرد شادومانە، بەڵام نەمویست بە دەستی بۆیاغاوی وەڵامی بدەمەوە، بۆیە گوێم نەدایە.

بۆ نیوەڕۆ کاتی نان خواردن شادومان دووبارە تێلی بۆ کردم، منیش ئۆکەیم کرد و وتم: بەڵێ.. شادومان گیان خێرە.

شادمان گوتی: سەلام .. کاک هۆلان بۆ وەڵام نادەیتەوە، پێش نیوەڕۆش تێلم بۆ کردی؟

گوتم ببوورە دەستم بۆیاغاوی بوو، بۆیە نەمتوانی وەڵامت بدەمەوە و ویستم ئێستا خۆم تێلت بۆ بکەم.

گوتی: تۆ لەو قسانە وازبێنە، هەواڵێکی خۆشم پێیە، ئەگەر پێت بڵێم بڕواناکەی.

گوتم: چییە؟! هەواڵی خۆش دەبێ چی بێت..!

گوتی: باخچە خان دەناسیت.

گوتم: نا کەس بەناوی باخچەوە ناناسم.

گوتی: ئەو ژنەی لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی هەڵۆی برام دەستت گرتبوو هەڵدەپەڕین.

لەو کاتەدا خورپە بە دڵمدا هات و بە زۆر توانیم بڵێم: ئێ.. ئێ بیرم کەوتەوە.. چی بووە.

گوتی: ئەو ژنە عاشقت بووە، خەریکە بۆت شێت دەبێ.

ئەوەندەم گوێ لێ بوو لە خۆشیدا سەرم گێژی خوارد، ئیتر نازانم چۆن کەوتم و بێ هۆش بووم.

هۆشم هاتەوە لە نەخۆشخانە بووم، زۆر ترسام، گوتم ئەمە بۆ لێرەم خوای گەورە!؟

دایکم هاتە لامەوە گوتی: سپاس بۆ خوا هۆشت هاتەوە، کوڕی خۆم خەمت نەبێت ئەو دوکتۆرە پشکنینی کردوویت، هیچ عەیبت نییە.

هەڵۆ هات و گوتی: ئەوە چییە هۆلان، کەی ئەوەندە لاواز بووی، هەستە هەستە کاکە لە نیوەڕۆوە دایکت و ئێمەشت خستووەتە ناڕەحەتییەوە.

دایکم قسەکەی بە هەڵۆ بڕی:

گوتی: ئەوە چۆن دڵت دێت وا بە کوڕەکەم دەڵێیت؟

گوتم: بۆ .. منتان هێناوە بۆ نەخۆشخانە.

هەڵۆ گوتی: لە چێشتخانە....خواردنت زەهری مارکردبوو، قسەت کردبوو، بە تەلەفۆن لەناکاو بێهۆش کەوتوویت.

گوتم: ئەوە بە ڕاستتە.

شادومانیش دەرکەوت و گوتی: ڕاست دەکات ڕێک وابووە.

ئا لەو کاتەدا هەموو شتێکم بە بیر هاتەوە هەڵۆم بانگ کرد:

گوتم: دایکم بەرە دەرەوە ئیشم بە شادومان هەیە.

هەڵۆش دەستی خستە سەرشانی دایکم و بەدەم قسەکردنەوە بردییە دەرەوەی ژوورەکە.

شادمان گوتی: پێم بڵێ.. تەندروستیت چۆنە باشیت؟

گوتم کەی کاتی ئەو قسانەیە، وەرە باسی ئەو ژنەم بۆ بکە.

گوتی: کام ژن.

گوتم: ئەو ژنەی گوتت ناوی باخچەیە و عاشقم بووە.

شادومان گوتی: ئا تێگەشتم ئەوەتا ژمارەکەی پێ داوم بیدەم بە تۆ، خۆت قسەی لەگەڵ بکە، بەس با نەزانێت نەخۆشیت، یان لە خەستەخانەیت، بزانێت شێت دەبێت.

گوتم:باشە.. باش.. تکایە پێم ڕامەبوێرە.

گوتی: ڕابواردنی چی، بەخوا بەڕاستمە، زۆر خۆشی دەوێیت، کە قسەم لەگەڵ دەکات و ناوت دێنێت، داماوە یەکسەر دەگری.

گوتم کوا مۆبایلەکەم؟

گوتی:هانێ ئەوەتا بە منە.

ڕەقەمەکەی لێدا و دایە دەستم.

دەتگوت لەناو ئاگردام، گیانم بوو بە ئاو ئارەقەم دەردا.

تۆکەی کرا، بەڵام دەنگ نەبوو، پاش کەمێک خۆم پێ ڕانەگیرا

گوتم:ئەلوو .. سەلام خاتوون من هۆلان-م.

لەپڕ دەنگێک گوتی: گیان.. هۆلانەکەم خۆتیت.

دەستی کرد بە گریان.

منیش دڵم لەرزی، بە جۆرێک کە خەریک بوو بگریم، بەڵام هەرچۆنێک بێت خۆم ڕاگرت.

گوتم: مەگری خاتوونەکەم.. بۆ خۆت ئازار دەدەیت.

شادومان کە هەستی کرد دۆخەکە بەم شێوە گۆڕا، بەسەر ئیشارەتی بۆ کردم و چووە دەرەوە.

گوتم: دەزانی ئەو ڕۆژە کە لە زماوەندەکە تۆم بینی دەستت لە دەستم نابوو جوانترین هەست و وێنای ژیانم لەلا دروست بوو.

گوتی: بەڵێ.. زانیم باوانم .. قوربانت بم، چونکە بە ڕوح دەستی منت گرت و شێتت بووم.

گوتم:جوانترین ژن لەم گەردوونەدا، چیت بۆ بکەم .. لەبری سپاس بۆ ئەو هەستە جوانەی بۆ من دروست بووە.

گوتی: تۆ لە بەخشندە دەچی، یان دەبەخشی.

گوتم: ئەوەی هەمە بە تۆی دەیبەخشم، ئەگەر بەکەڵکت دێت

بەڵام بڕواناکەم لە دنیای مندا کاڵای بە باڵای تۆی تیابێت.

گوتی: من لە خۆمەوە نەهاتووم، ئەوەی من دەمەوێ ماددی نییە، من ڕوحی تۆم دەوێ، کە دەزانم لە ڕوحمەوە نزیکە، دنیای تۆ لەگەڵ بیرکردنەوەمدا گونجاوە.

وتم: تۆ لەو جیهانەی منی تێدام گەورەتری، ئاخر من سەرابم.

گوتی: بەبێ تۆ جیهان سەرابە، وەرە دەبم بە ژیانت، دەبم بە بەهەشت بۆ تۆ.

گوتم: زۆر زۆر خۆشحاڵم، جوانترین و ڕاستترین (ژن).

گوتی: منیش زۆر خۆشحاڵم، پیاوە جوانەکەم دڵنیابە کە ژیانت دەگۆڕم بەو بەهەشتەی کە شایستەی تۆیە.

گوتم: جەنابت باش نامناسی.

گوتی: ئەوناسم پیاوە مەزنەکە، من لەو ڕۆژەوە ژیان و بیر و کەسایەتی تۆم شی کردووەتەوە.

گوتم: باشە زۆر سپاس خاتوونەکەم پێم بڵێ.. سەرەتا چیت دەوێ؟

گوتی: ڕوحتم دەوێ.

گوتم: فەرموو.. ئەوە ڕوحم.

گوتی: ڕوحت زۆر پاکە، قوربانت بم.

گوتم: من قوربانت بم، مرۆڤی مەزن چی کەت دەوێ.

گوتی: ڕەوشتی تۆم دەوێ .

گوتم: فەرموو ئەوەش ڕەوشتم.

گوتی: زۆر جوانە زۆر جوانە.

گوتم: چی کەت بدەمێ.

گوتی: متمانە.

گوتم: فەرموو ئەوەش متمانەم.

گوتی: زۆر دڵنیابووم.

گوتم: بەڵێ

گوتی: پاکی و ڕاستیشم دەوێت.

گوتم: فەرموو جوان سەرنجی بدە.

گوتی: هۆلانە جوانەکەم، تۆ لەم گورگانە ناچیت! کە وەک دز شەرەفت دەبەن، وەک تیمساح زبر و بێ هەستن ، بەس شەهوەتیان دەوێ.

گوتم: بەڵێ.. سپاس بۆ متمانەت هەموو کەسم، دەی چی کەت دەوێ.

گوتی: سنگت بۆ سەرم.

گوتم: فەرموو، ئەوەش سنگم.

گوتی: ئای چەن گەرم و ئارامە بۆ من.

گوتم: تەنیا فەرمان بکە، ئەوەی هەیە هی جەنابتە.

گوتی: من ئەوەندەم بەسە تا بژیم بۆت ببم بە ژیان.

گوتم: تکایە ببە بە ژیانم، ئەوسا ڕوحمت پێ ببەخشم.

باخچە گریا و منیش خۆم پێ نەگیرا.. گریام.

مۆبایلەکەم لە دەستم کەوتە خوارەوە و شکا، لەتاوا هاوارم کرد ..

بەنەفرەت بیت هۆلانی گەمژە.

دایکم: گوێی لە دەنگم بوو، بە سنگ کوتان هاتە ژوورەوە.

گوتی: چییە.. چی بووە.. کوڕی خۆم بۆ وا هاوارت کرد.

گوتم: بڵێم چی دایکە گیان، شێت بووم.

دایکم بە سۆزەوە باوەشی پێداکردم.

منیش لە دڵی خۆما گوتم: بەڵێ دایە شێت بووم ..، ئاشق بووم.

وام دەزانی، لەوە گەیشتووم کە جیهانی ژن چییە.

بۆیە ئەم خۆشەویستیەشم خستە پاڵ ئەو ئەزموونانەی پێشووترم.

بەخۆم گوت: کەسێکی نوێ و خۆشەویستییەکی نوێ، کە دەبێت بە بەشێک لە مێژووی ژیانم، کە تەنیا ئەم بیرەوەرییانە بۆ خۆم دەمێنێتەوە، هەرگیز کەس پەی پێ نابات و نازانێت و بە تێپەڕبوونی کات هەر نامێنێت، بەڵام نەمزانی ئافرەت دەتوانێت چەند مەزنتر بێت لەو دید و بۆچوونە، کە بە سانایی لەلام دروست بووە و سەیرم دەکرد.

خۆشبەختانە چارەنووس خۆشەویستی (باخچە)ی پێ بەخشیم، دنیایەکی جوان و شاراوەم لە دنیای ڕاستی ژنێک دۆزییەوە، بۆیە بۆم دەرکەوت ژن هەیە تەنیا خواوەند لەو مەزنترە...! دڵنیام ئەو جۆرە پیاوانەی پێناسەی ژنی ماڵ و شەرەف و بەخێوکردنی منداڵیان بە ئافرەت داوە، زۆر بێ ویژدان و بێ هەست و خۆپەرست بوون.

بەئیرەیی و داگیرکاری ویست و ئارەزووەکانیان کردووە، بە باوەڕێک بۆ پێناسەکردنی ئەم بوونە جوان و سەرسوڕهێنەر و بەخشندەیە، کە جیهانێکی پڕ لە جوانی لە ئامێز گرتووە.

با بچمەوە سەر باسی چیرۆکەکە.

زۆر نیگەران بووم، زۆری نەبرد لە نەخۆشخانە ئیزنیان داین و هەڵۆ و شادومان ڕۆیشتن و من و دایکیشم گەڕاینەوە ماڵەوە، بە پەلە حەمامێکم کرد و خۆم گۆڕی و چوومە دەرەوە.

دایکم هات بە شوێنمدا و گوتی: بۆ کوێ؟ کوڕم خۆ تۆ پشوویەکت نەدا.

گوتم: دایەگیان مۆبایلەکەم شکاوە، دەبێ ببیەم چاکی بکەمەوە.

هەڵبەت تا ئەو ڕۆژە هەرگیز بە مۆبایلەوە پەیوەست نەبووم، بەڵام ئێستا زۆرم لەلا گرنگ بوو چاکی بکەمەوە و دووبارە پێوەندی بە باخچەوە بکەم. بردمە لای دوکانێک دام نا، گوتیان: دوو کاتژمێری کە وەرەوە چاکی دەکەین.

منش ناچار دام ناو چوومە دەرەوە پیاسە بکەم، تا ئەم دوو کاتژمێرە تێپەڕێت.

کە چوومە سەر شۆستە و ناو جەنجاڵی خەڵک هەستم کرد من زۆر لەوان جیاوازم.

ئاخر ئەوەی من چاوەڕێم دەکرد زۆر بەنرخ و گرنگ بوو.. بەڵێ، من چاوەڕێ بووم پاش دوو کاتژمێری دی لەگەڵ خۆشەویستەکەم کە جوانترین ژنی دنیایە قسە بکەم.

کاتێک پیاوێکم دەدی دەستی ژنێکی گرتووە، یان شانبەشانی دەڕوات، لەدڵی خۆمدا پێم دەگوت:

ئەو پیاوە دڵی بەچی خۆشە لەکاتێکدا ئەوەی لە تەنیشتی ڕێ دەکات (باخچە) نییە.

ئەو ڕۆژە لەلام هیچ ئافرەتێک جوان نەبوو و هیچ پیاوێک خۆشبەخت نەبوو، وام دەزانی لەم دنیایە بە تەنیا من و باخچە هەین و کەس نییە، ئیتر یاسای سروشت وایە، کە خۆشەویستی سەرەتاکەی پڕە لە هەست و خەیاڵی جوان

سەرئەنجام..

ڕاستی عیشق هەرگیز خۆش نییە، بۆیە لێرەوە بەم هەستە خۆشەوە دەڵێم کۆتایی.